گـۆڤـاری زانـكۆی راپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(1).Paper21

ڕێــكەوتــی وەرگــرتــن: ٢٠٢٢/٠٣/١٠
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٢/٠٥/١٢
ڕێــكەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٤/٠٢/٢٩

# ڕەوشی ژیانی کرێکارە بیانییەکان: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر

**کامران عبدالله مصطفی[١] - عزالدین عبدالصمد ڕسول[٢]**

izaddin.rasool@su.edu.krd – kakamaran835@gmail.com

[١+٢]بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:** هەرێمی کوردستــان لە قۆناغی گەشــەســەندنی ئابوریدایە لە ســێکتەرە جۆربەجۆرەکان، هەندێک جاریش گەشەسەندنی ئابوری پێویستی بە هێزی دەستی کارە، ڕێگەدان و هێنانی دەستی کاری بیانی بەشێکی پەیوەستە بەوەی تا چەند هێزی کاری ناوخۆیی پێداویســتییەکانی هەرێمی کوردســـتان پردەکاتەوە، هێنانی دەســـتی کاری بیانیش هەندێک جار بۆتە جێگای مشـــتومڕ، کە وەک ڕەخنەیەک ڕوبەڕوی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرێتەوە، سەرەڕایی هەبونی بێکاری و دەستی کاری ناوخۆیی، بەڵام ڕێگە بە هێنانی دەستی کاری بیانی دەدرێت، کرێکاری بیانیش کۆمەڵێک ڕەهەندی کۆمەڵایەتی هەیە، ڕەنگە کاریگەری هەبێت لەسەر ڕەوشی ژیانیان.
ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ زانینی ڕەوشـــی ژیانی کرێکارە بیانییەکان لەشـــاری هەولێر. میتۆدی توێژینەوەکە بریتییە لە میتۆدی وەســـفی چەندایەتی لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامرازی پرســـیارنامە، (٣٨١) کرێکاری بیانی لە ڕەگەزی نێرو مێ وەک نمونەی توێژینەوەکە وەرگیراون. پاشـــان شـــیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS)، گەیشـتین بە ئەو ئەنجامەی، کرێکارە بیانییەکان لە شـاری هەولێردا هەست بە ئارامی دەکەن و جیاوازی کولتوری نەبۆتە کێشە و ئاستەنگ لەبەردەمیان لەڕوی ئاینی و خواردن، بەئاسانی خۆیان دەگونجێنن، لەگەڵ کولتوری هەرێمی کوردستان. کرێکارانی بیانی بەڕێژەیەکی بەرز دەستەبەری کۆمەڵایەتییان نییە، لەشوێنی کارەکەیان داوای کاری نەشـــیاویان لێکراوە، هەروەها ڕەگەزی نێر زیاتر ڕوبەڕوی گرفتی کۆمەڵایەتی، دەرونی، تەندروســتی، ئابوری و یاســایی دەبنەوە بەبەراورد بە ڕەگەزی مێ. لە کۆتایشـدا کۆمەڵێک پێشـنیاز و ڕاسـپاردە خراوەنەتەڕو بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و ئەو توێژینەوانەی دوای ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدەدرێن.

**کلیلە وشەکان:** ڕەوشی ژیان، کرێکار، کرێکاری بیانی.

**پێشـــەکی:** یەکێک لەهۆکارە هاوبەشـــەکان لەوڵاتانی جیهان پێویســـتی هەمەجۆری دەســـتی کارە بە ئاســـتە جیاوازەکانییەوە، چ لەکەرتی حکومی یان تایبەت، بە پســـپۆرییە جیاجیاکانەوە. هەرێمی کوردســـتانیش یەکێکە لەو ناوچانەی، کە دەســـتی کاری جیاوازی تێدایە لە پســـپۆرییە جیاوازەکان، چ هاووڵاتیانی خۆی بێت یان کرێکارانی بیانی بێت، کە بۆتە هۆی ناتەواوی لەڕوی ڕێکخســـتنەوە بەهۆی دامەزراندن یاخود دانانی کرێکارانی بیانی بە ئاســـتە جیاوازەکان، بەبێ بونی هیچ پلانێکی ســـتراتیژی و ڕێکخراو. جگە لەمەش چاودێری و بەدوداچون بۆ ڕێو شوێنەکانی دەستنیشانکردنی کرێکار بەتایبەتی کرێکارانی بیانی لەلایەنی دامەزراندن و چاودێری نیشتەجێبون و چاودێری تەندروستی، بەپێچەوانەی ئەو وڵاتانەی، کە بنەماو بنچینەیان هەیە بۆ دامەزراندنی کرێکار، بەگوێرەی ئەو پلانەی دایاننناوە، ناتواندرێ ســتەم لە کرێکارانی بکرێت، کە بۆ دەســتکەوتنی داهات یاخود ماددی ڕویکردۆتە ناوچەکە، کرێکارانی بیانی کێشـــەیەکی گەورەی ئاراســـتەی لایەنە دیاریکراوەکان کردوە، لە هەریەک لەوڵاتی وەرگرو ئەو وڵاتـانەی، کە کرێکـاری بیـانی دەنێرن، چونکە وڵاتی نێنەر (ئەو وڵاتەی کرێکـارەکە لێیەوە دێـت) وزەیەکی مرۆیی گرنگ لەدەســتدەدات بەگوێرەی ئاســتی خوێندەواری و کارامەییەکانی. ئەو وڵاتەی کە کرێکارەکە وەردەگرێت ڕوبەڕوی کێشـەی ڕاهێنان و ئاراسـتەکرنی کرێکارانی بیانی دەبێتەوە، لەپێناو گونجاندنی لەگەڵ وڵاتە نوێ یەکەی، بابەتی کرێکارانی بیانی ڕەهەندێکی ڕونی هەیە لە پەرەپێدان و بونیادی کۆمەڵایەتی و ســـیاســـی و ئابوری و دیمۆگرافی بەگشتی.

**یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:**

1.1.**گرفتی توێژینەوەکە**: دەستنیشانکردنی کێشەی توێژینەوە پرۆسەیەکی ئاسان نییە، کە توێژەر بتوانێت بەبێ هەوڵی هزری و کرداری ورد ئەنجامی بدات، بەتایبەتی ئەو بابەتەی لێکۆڵینەوەی لەســـەر دەکات دەبێت ڕون و وردبێت، دوربێت لەئاڵۆزی و سـەرلێشـێواوی (الحسـن و الحسـني، 1981: 55-56) لەم ڕوانگەیەوە دوای ئەوەی توێژەر تێبینی بابەتێک دەکات، کە شـــایەنی لێکۆڵینەوەیە و گرفتێکی تێدایە، بیر لەچارەســـەرکردنی دەکاتەوە، ئەم گرفت و بابەتە دەبیتە دەستپێک بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی (ابو سليمان، 2005: 47) بابەتی کرێکارانی بیانیش، یەکێکە لەو بابەتانەی، بۆتە جێگای مشـــتومڕی نێوان وڵاتان، لە عێراق و لە هەرێمی کوردســـتانیش بەشـێوەیەکی بەرفراوان بەتایبەت لەدوای سـاڵی (2003) دوای ڕوخانی ڕژێمی پێشـوی عێراق زیاتر تەشـەنەی کرد. گۆڕانی سیستەمی دەسەڵات و گواستنەوەی ئابوری لەئابورییەکی ناوەندی بۆ ئابورییەکی ئازاد، ئەمە وایکرد کرداری وەرگرتنی کرێکارانی بیانی ئاســـان بێت، کە لە ئەنجامی ئەو کاردانەوەیەی بەڕوی جیهانی دەرەوە هاتە کایەوە، کە بەشێکە لە سیستەمی نێودەوڵەتی، کە هاوتەریبە لەگەڵ ڕەوتی جیهانگەرایی، ئەمەش وایکرد ببێتە هۆی سـەپاندنی سـیاسـەتێکی نوێی ئابوری و هاندانی دامەزراندنی کۆمپانیای بیانی. هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاری بیانی بە هەردو ڕەگەزەوە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان دەشێت کاریگەری هەبێت لەسەر زۆربەی ڕەهەندەکانی

ژیانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگای کوردیدا. ژمارەی ئەم کرێکارە بیانیانەش ساڵ لە دوای ساڵیش لە زیادبوندان، ئەمەش بەهۆی زۆری خواست لەسەر کرێکارانی بیانی بە گشتی و کرێکاری خزمەتگوزار بەتایبەتی، کە کاردەکەن لە کەرتە جۆربەجۆرەکان، دەشێ ڕوبەڕوی چەندین گرفت ببنەوە، بۆ ئاشنابون بەم گرفتانە لە ڕێگای ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدەین هەمو ئەو گرفتانە دیاریبکەین، کە ڕوبەڕوی کرێکارە بیانییەکان دەبنەوە. بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری گرفتی توێژینەوەکە، توێژەر بەدوای وەڵامی دروستی ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەگەڕێت.

1- دیارترین ئەو گرفتە کۆمەڵایەتی، دەرونی، تەندروستی، ئابوری و یاساییانە چین، کە ڕوبەڕوی کرێکارە بیانییەکان دەبنەوە لە شاری هەولێر؟

2- ئەو ئاستەنگانە چین لە کات و شوێنی کارکردندا ڕوبەڕوی کرێکارە بیانییەکان دەبنەوە؟

**1.2. گرنگی توێژینەوەکە:** ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی، گرنگی خۆی لە ڕێگای خستنەڕوی زانیارییەکانی ناو توێژینەوەکە هەیە. لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر کرێکاری بیانی بونی هەیە بەشێوەی یاسایی بێت یان نایاسایی، کاردەکەن لە کەرتە جۆربەجۆرەکان، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە هەمو ئەو زانیارییە تیۆرییانە و ئەو سەرچاوانە ڕەنگدەداتەوە، کە پەیوەستن بە کێشەی کرێکارانی بیانی لەڕوی ڕەوشی ژیان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان، ئەو زانیارییە تیۆریانە دەکرێت سودیان لێوەربگیرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کرێکارانی بیانی.

ئەم توێژینەوەیە دەبێتە ڕێنیشاندەرێک بۆ ئەو توێژەرانەی بایەخ بەم بوارە دەدەن. هەروەها بۆ تێگەیشتن لە سروشتی کارلێکردنی نێوان کرێکاری بیانی و تاکی کورد، دەکرێت سودی هەبێت بۆ توێژینەوەی تر.

**1.3. ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوەیە:

1-زانینی دیارترین ئەو گرفتە کۆمەڵایەتی، دەرونی، تەندروستی، ئابوری و یاساییانەی کە ڕوبەڕوی کرێکارە بیانییەکان دەبنەوە لە شاری هەولێر.

2-زانینی ئەو ئاستەنگانەی لە کات و شوێنی کارکردندا ڕوبەڕوی کرێکارانی بیانی دەبنەوە.

3-دەستنیشانکردنی ڕۆڵی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندەواری، ڕەگەزنامە، پیشە، دەست بەسەرداگرتنی پاسەپۆرت و بەڵگەنامەکان) لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە.

**دوەم: پێناسەی چەمکەکان:**

**2.1.کرێکاری بیانی:**

کرێکاری بیانی، ئەو کەسە بیانیانەن، کە دێنە ناو وڵاتێک بەشێوەیەکی فەرمی و یاسایی، کە مافی هاتنیان وەرگرتوە، یان هاتنە ناوەوەیان بەڕێگەی نایاسایی (قاچاغ) بەمەبەستی کار، لەڕێگەی یەکێک لە دەروازە

سنورییەکانی وڵات چ وشکانی بێت یان ئاوی بێت، یاخود بریتییە لە کۆمەڵە کەسێکی کرێکار، کە دێنە وڵاتێک چ بە ڕێگایەکی یاسایی بێت یان نایاسایی بێت لە بەرامبەر پاداشێکی دیاریکراو بەگوێرەی ڕێکەوتنی هەردولا (الدليمي و كنة، 2021: 80).

لەڕوی یاساییەوە، چەمکی کرێکاری بیانی وا پێناسە دەکرێت، هەمو کەسێکی ئاسایی دەگرێتەوە، کە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نەبێت ئارەزوی کارکردنی هەبێت، لە کەرتی گشتی یان تایبەت یان تێکەڵ یان هاوکاری (بكر، 2011: 15) یان دەستەواژەکە ئاماژە بە تاکێک دەکات، کە نە هاوولاتی ئەو وڵاتەیە و نە خاوەندارییەتی هەیە لە وڵاتی وەرگر، بەڵام نایاسایی نییە (Biney, 2016: 11)

کرێکارانی بیانی ئەو کەسانەن، کە دەچن بۆ وڵاتێکی تر دوای ڕێککەوتنێکی فەرمی و ڕێکخراو لەگەڵ ئەو وڵاتە، بەپێی مەرجە دیاریکراوەکان بۆ چاودێری و گرێنتی کارکردن بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی هەردو وڵات (بشدری، 2008: 105).

مەبەستمان لە چەمکی کرێکاری بیانی بۆ ئەم توێژینەوەیە: **کرێکاری بیانی خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی نییە، کە بە شێوەیەکی یاسایی و لەڕێگەی کۆمپانیاکانی تۆمارکراو لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هاتۆتە هەرێمی کوردستان، یان ئەو کرێکارە بیانیانەی، کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی نشینگەیان پێدەدرێت، تا ماوەیەکی کورت یان زۆر دەمێننەوە و کاردەکەن، لە کەرتی گشتی بێت یان حکومی یان تێکەڵاو یان کاری سەربەخۆ دەکەن.**

## سێیەم: توێژینەوەکانی پێشو:

### 3.1. توێژینەوە کوردییەکان:

- توێژینەوەی عظیم، پەیمان عبدلقادر مجید (2014) واقع العمالة الوافدة النسوية فی الاسرة الكردية- دراسة میدانية فی مدينة السليمانية.

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە: زانینی ڕەوشی کرێکارانی بیانی لە شاری سلێمانی. زانینی کاریگەرییە نەرێنییەکانی کرێکاری بیانی لەسەر خێزانی کوردی. هەروەها زانینی هۆکارە پاڵنەرەکانی زیادبونی قەبارەی کرێکارە بیانییەکان. ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، بە بەکارهێنانی میتۆدی (ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە) توێژەر نمونەی هەرەمەکی سادەی بەکارهێناوە، هەڵبژاردنی نمونەکانیش لەسەر بنەمای ئەوانەی کاردەکەن لە شاری سلێمانی (130) کرێکاری بیانی ئافرەتی وەرگرتوە، ئافرەتی ماڵەوە ئەوانەی خزمەتکاریان هەیە لەشاری سلێمانی (68) ئافرەتی ماڵەوەی وەرگرتوە.

لەکۆتاییدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریخستوە، کە ڕێژەی (52.2%) لە نمونەی توێژینەوەکە، گرنگترین ئەو کێشانەی ڕوبەڕوی کرێکارانی ماڵان دەبنەوە لە شاری سلێمانی، بریتییە لە گۆشەگیری کۆمەڵایەتی و کێشەی

تێنەگەیشتن لە زمانی کوردی. توێژینەوەکە پیشانیدەدات. کە ئافرەتانی ماڵەوە زانیارییان نییە لەسەر جۆری خزمەتگوزاری پێشوەختە لەلایەن فەرمانگەکانی هۆشیاری ژنان، هەروەها شێوازی نەرم ونیان و هاوڕێیەتی، یەکێکە لە باشترین شێوازە کاریگەرییەکانی داواکاری خزمەتکاران.

## 3.2. توێژینەوە عێراقییەکان:

– توێژینەوەی الشمری، نور علی (2013) الابعاد الاجتماعیة للعمالة الوافدة. دراسة میدانیة فی مدینة بغداد.

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە: زانینی ڕادەی گونجان و تێکەڵبونی کرێکارانی بیانی لەگەڵ کۆمەڵگادا، زانینی ئەو هۆکارانەی، کە بونەتە هۆی بەکارهێنانی کرێکاری بیانی و زاڵکردنیان بەسەر کرێکاری ناوخۆیی، هەروەها زانینی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و تەندروستی و ئاسایش و ئابورییەکانی کرێکارانی بیانی. ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە، میتۆدی توێژینەوەکەشی (ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بە نمونە) قەبارەی نمونەی توێژینەوەکەشی بریتییە لە (275) یەکە.

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەش بریتیین لە: کرێکارانی بیانی (53.8%) ڕوبەڕوی گێچەڵ و زیان پێگەیاندن دەبنەوە، (53.3%) یان هەست بە ئاسایش و سەقامگیری ناکەن، (47.6%) لە کرێکارانی بیانی ڕوبەڕوی گاڵتەپێکردن دەبنەوە، (52.9%) یان هەست بە نامۆیی دەکەن. (50.7%) لە کرێکارانی بیانی هەست بە ئازادی ناکەن لە بەجێگەیاندنی ڕێورەسمە ئاینییەکانیان، (55.6%) کێشەی مافی نیشینگەیان هەیە. هەروەها کرێکارانی بیانی پەیوەندی باشیان هەیە، لەگەڵ خاونکارەکان و ئەوانەی لە ماڵان کاردەکەن پەیوەندییان لەگەڵ خێزانەکان ئاسایی و باشە.

## 3.3. توێژینەوە عەرەبییەکان:

– توێژینەوەی الترکي، خالد بن عبدالله (2015) حمایة حقوق العمالة الوافدة في المملکة العربیة السعودیة– دراسة میدانیة مطبقة علی منطقة القصیم.

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە: زانینی هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی کرێکارانی بیانی، وەکو تەمەن، ڕەگەز، باری خێزانداری، ئاستی خوێندەواری، پیشە، کرێی مانگانە، شوێنی نیشتەجێبون، ژمارەی ئەندامانی خێزان، ماوەی نیشینگە، وەستان لەسەر بۆچونەکانی کرێکارانی بیانی، کە پەیوەستن بە بەدەستهێنانی مافەکانیان، ئاماژەدان بە گرنگترین ئەو کێشە و پێشێلکاریانەی، کە ڕوبەڕوی کرێکارانی بیانی دەبنەوە. ئەم توێژینەوەیە، میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونەی بەکارهێناوە، قەبارەی نمونەکەی لە (1203) کرێکاری بیانی پێکهاتوە، بەڕێگەی (نمونەی مەبەستدار) هەڵبژێردراون.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە: 72.2% کاتژمێری کارکردنیان لە نێوان (9–12) کاتژمێری ڕۆژانەیە، یەکەکانی توێژینەوەکە دەریخستوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک موچەکانیان وەرناگرن. هەروەها گرنگترین

کێشـــەکان جیاوازی ڕۆشـــنبیری و تێکەڵ نەبون لاوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان کرێکاری بیانی و ئەو کۆمەڵگایەی کە کاری تێدادەکەن، زۆری کاتژمێرەکانی کارکردن کە ناگونجێ لەگەڵ ســـروشـــتی کارەکەی، دواکەوتنی موچە و نەبونی دڵنیایی نیشتەجێبون.

## چوارەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە.:

### 4.1. مێژوی قەبارەی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان:

لە هەرێمی کوردســـتان قەبارەی فەرمی کرێکاری بیانی، کە لە لایەن (وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە ساڵی (2007) هەتا (2021) تۆمارکراوە، بریتییە لە (72149) هەزار کرێکاری بیانی، لەو ژمارەیەشـدا ژمارەیەکیان گەڕاونەتەوە وڵاتی خۆیان، ئەمەش بەهۆی تەواوبونی وادەی یاســاییان یان بەهۆی دروســـتبونی قەیرانی دارایی ناچاربون بگەڕێنەوە، بەڵام بەگوێرەی هۆبەی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی هیچ داتایەک نییە بۆ زانینی ژمارەیان.

خشتەی ژمارە (1) ژمارەی کرێکاری بیانی (خزمەتکاری ماڵ و کرێکاری پرۆژە) ڕونکراوەتەوە.

| ژمارەی کرێکاری بیانی لەساڵی 2007 تاوەکو کۆتایی ساڵی 2021 | | |
|---|---|---|
| ساڵ | خزمەتکاری ماڵ | کرێکاری پرۆژە |
| 2007-2008 | 491 | 512 |
| 2009 | 474 | 1222 |
| 2010 | 639 | 1549 |
| 2011 | 744 | 2374 |
| 2012 | 1784 | 5345 |
| 2013 | 2942 | 3320 |
| 2014 | 4435 | 4311 |
| 2015 | 5153 | 5023 |
| 2016 | 3882 | 1272 |
| 2017 | 2851 | 992 |
| 2018 | 3337 | 425 |
| 2019 | 6358 | 466 |
| 2020 | 3680 | 8 |
| 2021 | 8373 | 187 |
| کۆی گشتی | 45143 | 27006 |
| | 72149 | |

سەرچاوە: وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارودەستەبەری کۆمەڵایەتی، هۆبەی ئامار- 2022

## 4.2. ڕێکخستنی یاسایی کرێکارانی بیانی:

لە هەرێمی کوردستان، هاوشێوەی عێراق سەرەڕای هەبونی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ یاسایەکی تایبەت نییە بە کرێکارانی بیانی، تەنها لەچێوارچێوەی هەندێک یاساو ڕێنمایی باس لە کاری کرێکارانی بیانی کراوە، ئەویش جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (71)ی ساڵی (1987) هەموارکراو، کە کۆمەڵێک ڕێنمایی لەژێریدا دەرکراوە، بریتییە لە ڕێنمایی ژمارە (2)ی ساڵی (2015) کە لە (28) مادده پێکهاتوە، سەبارەت بەچۆنیەتی هێنان و ڕێکخستنی ئەرک و مافی کرێکارانی بیانی، لە ماددەی (دوەم)ی ڕێنماییەکە لە بەندی یەکەمدا هاتوە: مۆڵەتی هێنانی کرێکار لەلایەن وەزیرەوە یان هەر کەسێکی ڕێپێدراو لەلایەن وەزیرەوە، دەدرێت بە کۆمپانیاکە دوای دەستەبەرکردنی مەرجەکانی هاتو لەو ڕێنماییە.

سەبارەت بە ماددەی (چوار)ی ڕێنماییەکە: نابێت خاوەنکار لە کەرتی تایبەت و تێکەڵاو و هاریکاری، کار بەهیچ بیانییەک بکات، ئەگەر مۆڵەتی کارکردنی بەدەستنەهێنابێت بەپێی ئەو مەرج و ڕێککارانەی لەو ڕێنماییەدا دیاریکراون. لە ماددەی (حەوتەم)ی ڕێنماییەکەدا هاتوە هەر کەسێکی بیانی نیشتەجێی هەرێم بێت و کارتی نیشتەجێبونی هەبێت، کە کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و بیەوێت لە هەرێم کاربکات، پێویستە ئەم ڕێککارانە بگرێتەبەر، هەروەک لەبەندی یەکەمی ئەم مادەیەدا دەڵێت: پێشکەشکردنی داوکارییەکانی نوسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی کار یان لە ڕێگەی ئەو خاوەنکارەی کە دەیەوێت کاری پێبکات. لە بەندی (دوەم)ی ڕێنماییەکەدا دەڵێت: پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی یاسایی، کە تیایدا هاتنە ژورەوەی بۆ ناو هەرێم و نیشتەجێبونی بەشێوەیەکی یاسایی چەسپێنراو بێت. هەروەها لە بەندی (سێیەم)دا هاتوە پێویستە داوکارییەکە گشت ئەو زانیارییانە لەخۆوە بگرێت، کە پەیوەندیدارن بە لێهاتویی کرێکار و پاڵپشت بێت بە بڕوانامە و بەڵگەنامەی پێویست، کە ناو و ڕەگەزنامە و بەڵگەنامەی بێتاوانی و جۆری کارو ماوەی کارکردن و ناوی خاوەنکارەکەی و ناونیشانی تەواو تیابێت.

سەبارەت بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی، لە ماددەی (شەشەم) بەندی یەکەمدا دەڵێت: پێویستە ئەو کۆمپانیا و خاوەن پڕۆژانەی، کە کار بە کرێکاری بیانی دەکەن، گرێبەست بکەن لەگەڵ کرێکاری بیانی کارپێکراو بەپێی یاساکانی کارو خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران و ئەو ڕێنماییانەی لە وەزارەت دەرچوە (وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، 2015).

## 4.3. هۆکارەکانی پشت بەستن بە کرێکارانی بیانی:

1.کەمی کرێی کرێکاری بیانی: نزمی کرێی کرێکارانی بیانی یەکێکە لەگرنگترین هۆکارەکانی هێنانی کرێکاری بیانی (بن عیبان، 2011: 11).

**2.** کارنەکردنی هەندێک لە کرێکارانی ناوخۆیی لە هەندێک پیشـــەدا، کە کرێکار بیانی دەیکەن، ئەو کارانەی کە کرێکارانی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بە کەم بایەخ سەیری دەکەن (قادر و صمد، 2013: 108).

3. دەرچونی ئافرەت بۆ کارکردن و خوێندن: گۆڕانکاری ئابوری بوە هۆی پێویستی کارکردنی ئافرەت (بن عیبان، 2011: 13).

4. کەمی کارامەیی کرێکاری ناوخۆیی: هەندێکجار بەهۆی نەبونی کارامەیی کرێکاری ناوخۆیی یان نەبونی ئەزمونی گونجاو لەگەڵ پیشەکەیدا، وادەکات پشت بە کرێکاری بیانی ببەسترێت (عظیم، 2014: 173).

5. کرێکاری بیانی کاتژمێرەکانی کارکردنیان زیاترە بە بەراورد بە کرێکارانی ناوخۆیی، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ پشتبەستن و سودوەرگرتن لە کرێکارانی بیانی (العموش، 2007: 130).

## پێنجەم: میتۆدۆلۆژی توێژینەوەکە:

**5.1.میتۆدی توێژینەوەکە:** لە هەر توێژینەوەیەکی مەیدانی بۆ هەر دیاردەیەک پێویســـتە توێژەر پەیڕەوی هەنگاوەکانی میتۆدی زانســـتی بکات، بە مەبەســـتی بابەتیبون و بێلایەنی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازو هۆکاری زانستی بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی وردو تەواو، لەم توێژینەوەیەدا بۆ دەرخستنی ڕەوشی ژیانی کرێکارە بیانییەکان میتۆدی وەسفیمان بەکارهێناوە، یەکێک لە ڕێگەکانی میتۆدی وەسفی پێکهاتوە لە ڕوپێوی کۆمەلایەتی.

مورس (Morse) وایدەبینێت، ڕوپێوی کۆمەلایەتی، ڕێگایەکە لە ڕێگاکانی لێکدانەوە و شـیکردنەوە بە شـێوازێکی زانسـتی ڕێکخراو، بۆ گەیشـتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان، بۆ بارودۆخێکی کۆمەلایەتی یان کێشـەیەکی دیاریکراو، هەروەها باوەڕی وایە، کە ڕوپێوی کۆمەلایەتی، چەند پرۆسەیەک لەخۆدەگرێت، بۆ دەستنیشانکردنی مەبەستەکەی، پێناسەکردنی کێشەی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی و دەستنیشانکردنی سنور و بواری ڕوپێوی و پشکنینی هەمو ئەو بەڵگەنامانەی پەیوەسـتن بە کێشـەکە و شـیکردنەوەی ئەنجامەکان و گەیشـتن بە دەرئەنجامەکان (الحسـن و الحسـني، 1981: 157). لەم توێژینەوەیەشـدا توێژەر بۆ وەسـفکردن و گەیشـتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی و زانینی ڕەوشی ژیانی کرێکارە بیانی، میتۆدی وەسفی چەندێتی بەکارهێناوە.

### 5.2.کۆمەڵگاو نمونەی توێژینەوەکە:

**5.2.1. کۆمەڵگـای توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا، کۆمەڵگـای توێژینەوەکە ســـەرجەم کرێکـارە بیـانییەکـان دەگرێتەوە، ئەوانەی مۆڵەتی نشـــینگەیان هەیە و لەســـنوری شـــاری هەولێر کاردەکەن، بەپێی داتای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلایەتی ژمارەی ئەو کرێکارە بیانیانەی لەساڵی (2007)ەوە تا ساڵی (2021) هاتونەتە هەرێمی کوردســـتان ژمارەیان (72149) هەزار کرێکار بیانی بوە، بەلام بەهۆی دەســـتنەکەوتنی هیچ داتایەکی ئاماری بۆ ئەو کرێکارانەی کە لە ڕێگای وەزارەتی ناوخۆ هاتونەتە هەرێمی کوردســـتان، بە بیانوی لایەنی ئاســـایشـــی، یان نەبونی هیچ داتایەک بۆ ئەو کرێکارانەی کە بەشـــێوەیەکی نایاســـایی هاتون، هەروەها هیچ داتایەکی ئاماری

ڕاســـتەقینە لەلایەن هیچ دامودەزگـایەکی فەرمی نییە، تـایبەت بە ژمـارەی ئەو کرێکـارە بیـانیـانەی لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن و چەندیان گەڕاونەتەوە بۆ ولاتی خۆیان.

لەژێر ڕۆشـــنایی ئەو ڕاســـتیانە ئەم توێژینەوەیە لەچوارچێوەی (کۆمەڵگای ناســـنوردار) مامەڵەی لەگەڵ ژمارەی کرێکارانی بیانی لەشاری هەولێر کردوە.

**5.2.2.نمونەی توێژینەوەکە:** نمونەی هەڵبژێردراوی توێژینەوەکە لەجۆری نمونەی بەڕێکەوتە، کە ئەنـدامـانی توێژینەوەکە لە نمونەی بەڕێکەوتدا ئـازادیـان پێدەدرێت لە بەشـــداریکردنی توێژینەوەکەدا، بەجۆرێک توێژەر پێشـــوەخت ئەوە دیاریناکات، کە کێ بەشـــداری توێژینەوەکە دەکات (دویدري، 2008: 314) بۆیە بە ڕێگەی هەڕەمەکی لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە ڕانەکێشــراون، نە لیســتی ناوی لێتوێژەران هەیە و نە نەخشـــەی جوگرافی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (عومەر،2012: 279). لەم توێژینەوەیەشـــــدا لەبەرئەوەی کۆمەڵگـای توێژینەوەکە ناســـنوردارە، ژمارەی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردســـتان دیار نییە. هەروەها ئەوانەی لە شـــاری هەولێر کاردەکەن و چەندیان گەڕاونەتەوە ولاتی خۆیان چەندیان بە نایاســـایی هاتون دیارنییە، نەخشـــەی جوگرافی کۆمەڵگای توێژینەوەکە نازانرێت، بەڕێکەوتیش ئەو کەســـانە بەشـــدار دەبن لەکاتی دابەشـــکردنی فۆرمەکانی توێژینەوەکە، بۆیە نمونەی توێژینەوەکە بە ڕێگەی مەبەســتداری بەڕێکەوت لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە وەرگیراوە، ئەمەش لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکە دەگونجێت. کە قەبارەی ئەو کرێکارە بیانیانەش بە هەردو ڕەگەزەوە (381) کرێکار بوە.

**5.3.ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:** لەم توێژینەوەیە پێوەری لیکەرتی پێنجیمان بەکارهێناوە، بە سود وەرگرتن لە پســـپۆرانی کۆمەڵناســـی و توێژینەوەکانی پێشـــو، کە پێکدێت، لە بژاردەکانی (بەتەواوی لەگەڵیدام، لەگەڵیدام، لەگەڵیدام و لەگەڵیدانیم، لەگەڵیدانیم، بەتەواوی لەگەڵیدانیم) بۆ زانینی ڕەوشـی ژیانی کرێکارە بیانییەکان، پێوەرەکە لە کۆمەڵێک زانیاری گشـتی و (2) ئامانج پێکهاتوە، هەر ئامانجێک لە چەند بڕگەیەک پێکهاتوە، بەشـێوەیەک داوا لە لێتوێژراوان کراوە، کە بەشێوەیەکی ورد و زانستی وەڵامی هەمو بڕگەکان بدەنەوە.

**5.4. مەرجە سایکۆ سۆسیۆمەترییەکانی توێژینەوەکە:**

**5.4.1. ڕاستێتی ڕواڵەتی:** چەمکی ڕاسـتێتی (Validity) بریتییە لە توانای پێوەر بۆ پێوانەکردنی ئەوەی کە بۆی دانراوە بیپێورێت، بەمانایەکی تر پێوەری ڕاستگۆیی ئەو پێوەرەیە، ئەو ئەرکە دەپێوێت، کە بۆی دانراوە شـتێکی تر نـاپێوێت (ملحم، 2000: 160) بۆ دەرهێنـانی ڕاســـتێتیی ڕواڵەتی، پێوەری توێژینەوەکەمـان خســـتە بەردیدی دەستەیەکی پسپۆر بە پلەی پرۆفیسۆر، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، مامۆستا/دکتۆر لە بەشەکانی کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی، ئەمەش لەپێناو دەرخستنی بۆچونی خۆیان لەبارەی بڕگەکانی پێوەرەکە، لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەش

پێوەری توێژینەوەکە بە ڕێژەیەکی بەرز کە (93.97%) پەســـەندکرا، بە بەکارهێنانی پرۆســـەی ئاماری ڕێژەی سەدی و بە لەبەرچاوگرتنی سەرەنجی پسپۆڕانی هەڵسەنگێنەر، پێوەرێکی (50) بڕگەیی داندرا.

خشتەی ژمارە(2) هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان بۆ پێوەری توێژینەوەکە ڕوندەدکاتەوە

| ژ | ناوی پسپۆڕان | کۆی بڕگە دروستەکان | کۆی بڕگە نادروستەکان | نمرەی سەدی ڕاستیەتی | ژمارەی بڕگە نادروستەکان |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| 1 | پ.د. طاهر حسۆ زێباری | 59 | _ | %100 | _ |
| 2 | پ.د. عبدالحمید علی سعید | 54 | 5 | %91.52 | 57-48-39-30-5 |
| 3 | پ.ی.د. محمد حوسێن شوانی | 55 | 4 | %93.22 | 57-47-24-4 |
| 4 | پ.ی.د. موراد حکیم محمد | 57 | 2 | %96.61 | 7-6 |
| 5 | پ.ی.د. کەژاڵ حسین محمد | 52 | 7 | %88.13 | 57-52-39-21-20-15-6 |
| 6 | پ.ی.د. عالیە فرج مصطفی | 58 | 1 | %98.30 | 21 |
| 7 | پ.ی.د. شهلا وەلی جبار | 56 | 3 | %94.91 | 48-21-6 |
| 8 | د. حکیم قادر طه | 57 | 2 | %96.61 | 7-6 |
| 9 | د. جلال احمد عبدالله | 51 | 8 | %86.44 | -50-48-41-34-33-32-31 57 |
| | کۆی گشتی | 499 | 32 | %93.97 | 32 |

**5.4.2. جێگیری:** جێگیری بەو واتـایی پێدانی هەمـان ئەنجـام بۆ هەمـان گۆڕاو ئەگەر کرداری جێبەجێکردنی پرســـیارنامە دوبارەبکرێتەوە لەســـەر کۆمەڵگای توێژینەوەکە (إبراهیم، ١٩٨٥: ٩٠) باڵوترین ڕێگاش بۆ دەرهێنانی جێگیری، ڕێگای (کرونباخ ئەلفا)ە، کە پشـــت دەبەســـتێت بە جێگیری ناوخۆیی بیرۆکەت پێدەدات بۆ گونجانی پرسیارەکان لەگەڵ یەکتردا و پرسیارەکان بەشێوەیەکی گشتی (عقیل، 2010: 297).

لەم توێژینەوەیەشـدا بە مەبەسـتی زانینی جێگیری ناوخۆیی (کرونباخ ئەلفا)مان بەکارهێناوە، دوای تاقیکردنەوەکە بۆ وەڵامی(50) نمونەی وەرگیراو بۆ دڵنیابون لە جێگیری، بۆمان دەرکەوت داتاکان ئاماژە بە بونی پەیوەستییەکی بەرز دەکەن لەسەر ئاستی جێگیری بڕگەو تەوەرەکانی پێوەرەکەمان بە نمرە(0.923).

خشتەی ژمارە (3) ڕونکردنەوەی چونییەکی ناوخۆیی پێوەر لە ڕێگای (کرونباخ ئەلفا)

| ژ | ئامانجەکان | ژ.پرسیار | پێوەری الفا کرونباخ | بڕیار |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| 1 | زانینی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتی و دەرونی و تەندروستی و ئابوری و یاساییانە کە ڕووبەڕوی کرێکارە بیانییەکان دەبنەوە لە شاری هەولێر | 22 | 0.830 | جێگیرە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 2 | دەرخستنی ئەو گرفتانەی، کە پەیوەندیدارن بەچاودێری و بەداوداچونی دەزگا حکومی و ناحکومییەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافی کرێکارە بیانییەکان | 8 | 0.803 | جێگیرە |
| 3 | دەرخستنی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و داکۆکیکردن لە کرێکاران لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەوە کە کرێکاران هاوردە دەکەن. | 11 | 0.916 | جێگیرە |
| 4 | ئەو ئاستەنگانەی لە کات و شوێنی کارکردندا ڕووبەڕووی کرێکارانی بیانی دەبنەوە | 9 | 0.801 | جێگیرە |
| 5 | کۆی گشتی فۆڕم | 50 | 0.923 | جێگیرە |

**5.5- ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان:** بە مەبەستی شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان دەرهێنانی ئەنجامەکان، کە لایەنی مەیدانی بەدەستهاتون، توێژەر پشتی بە هەگبەی ئاماری زانستە کۆمەڵایەتییەکان (Package Statistical for Social Sciences-S.P.S.S)، بەستوە، کە بریتیین لە:

1-ناوەندی ژمێرەیی(Mean)

2-تاقیکردنەوەی (t) بۆ یەک نمونە (One sample t test) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی.

3- لادانی پێوەری (Standard Deviation).

4- تاقیکردنەوەی (t) بۆ دو نمونە (Independent Samples t test) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە و ئامانجەکانی توێژینەوەکە سەبارەت بە ڕەوشی ژیانی کرێکارانی بیانی.

5- تاقیکردنەوەی (f) ئەنۆڤا (One Way ANOVA) بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەو ئامانجەکانی توێژینەوەکە، سەبارەت بە ڕەوشی ژیانی کرێکارانی بیانی.

6- بەکارهێنانی (Cronbach's alpha) بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەرەکە.

**شەشەم: خستنەڕوی زانیارییەکان:.**

**6.1. خستنەڕوی زانیارییە گشتییەکانی نمونەی توێژینەوەکە:** لەم باسەدا خەسڵەتە گشتییەکانی نمونەی توێژینەوەکە، کە تایبەتە بەو کرێکارە بیانیانەی، کە لە شاری هەولێر کاردەکەن ڕوندەکەینەوە، لەم توێژینەوەیەدا گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندەواری، پیشە، هەندێک گۆڕاوی تری کرێکارانی بیانی شیدەکەینەوە، کە ئەمەش لە ڕێگای کۆکرنەوەی داتاو زانیارییەکانی لایەنی مەیدانی بەدەستهاتوە.

خشتەی ژمارە (4) (ڕەگەز، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندن، پیشە) ڕوندەکاتەوە

| گۆڕاوەکان | وەڵام | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 296 | 77.7 |
| | مێ | 85 | 22.3 |
| تەمەن | کەمتر لە 18 | 5 | 1.3 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | 18–27 | 99 | 26 |
| | 28–37 | 167 | 43.8 |
| | 38–47 | 96 | 25.2 |
| | 48+ | 14 | 3.7 |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | 156 | 40.9 |
| | خێزاندار | 205 | 53.8 |
| | هاوسەر مردو | 16 | 4.2 |
| | جیابوەوە | 4 | 1 |
| ئاستی خوێندەواری | نەخوێندەوار | 20 | 5.2 |
| | دەرچوی بنەڕەتی | 53 | 13.9 |
| | دەرچوی ئامادەیی | 202 | 53 |
| | دەرچوی پەیمانگا | 21 | 5.5 |
| | دەرچوی زانکۆ | 81 | 21.3 |
| | دەرچوی خوێندنی باڵا | 4 | 1 |
| پیشە | کرێکاری پاککەرەوە | 193 | 50.7 |
| | سەرپەرشتیار | 69 | 18.1 |
| | کرێکاری پرۆژە | 63 | 16.5 |
| | کرێکاری باخچە | 4 | 1 |
| | هەر پیشەیەکی تر دیاری بکە | 52 | 13.6 |
| کۆی گشتی | | 381 | 100% |

## ا- ڕەگەزنامە:

خشتەی ژمارە (5) ڕەگەزنامەی کرێکارانی بیانی نمونەی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە

| ڕەگەزنامەی کرێکارانی بیانی | | |
|---|---|---|
| وڵات | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
| هندستان | 56 | 14.7 |
| ئێران | 10 | 2.6 |
| باشوری ئەفریقیا | 11 | 2.9 |
| بەنگلادیش | 41 | 10.8 |
| ئەندۆنۆسیا | 25 | 6.6 |
| نیپال | 32 | 8.4 |
| سریلانکا | 14 | 3.7 |

| | | |
|---|---|---|
| غانا | 14 | 3.7 |
| میانمار | 12 | 3.1 |
| کۆتدیڤوار | 10 | 2.6 |
| تەنزانیا | 9 | 2.4 |
| سیرالیۆن | 9 | 2.4 |
| فلیپین | 16 | 4.2 |
| جەزائیر | 8 | 2.1 |
| میسر | 15 | 3.9 |
| پاکستان | 10 | 2.6 |
| ترکیا | 12 | 3.1 |
| مالاوی | 13 | 3.4 |
| سۆمال | 9 | 2.4 |
| سوریا | 38 | 10.0 |
| لوبنان | 8 | 2.1 |
| مەغریب | 9 | 2.4 |
| کۆی گشتی | 381 | 100.0 |

**ب- دەستگرتن بەسەر پاسەپۆرت و بەڵگەنامەی کرێکاری بیانی:**

خشتەی ژمارە (6) دەستگرتن بەسەر پاسەپۆرت و بەڵگەنامەی کرێکاری بیانی ڕوندەکاتەوە

| هیچ کاتێک دەستگیراوە بەسەر پاسەپۆرت و بەڵگەنامەکانت؟ | | |
|---|---|---|
| وەڵام | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
| بەڵێ | 264 | 69.3 |
| نەخێر | 117 | 30.7 |
| کۆی گشتی | 381 | 100.0 |

**حەفتەم: خستنەڕوی زانیارییەکانی تایبەت بە بابەتی توێژینەوەکە:** بۆ زانینی ڕەوشی ژیانی کرێکارانی بیانی بەسودوەرگرتن لە وەڵامی یەکەکانی توێژینەوەکە و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t) بۆ یەک نمونە (One-Sample-t. test ) بەپێی ئامانجەکان ئەنجامدا. لەم باسەدا زانیارییە تایبەتییەکانی توێژینەوەکە دەخەینەڕو، خشتەی (7) بڕگەکان، ناوەندە ژمێرەیی، ڕێژەی سەدی کۆی بڕگەکان، پلەی بڕگەکان بۆ ئامانجی گرفتە کۆمەڵایەتی، دەرونی، تەندروستی، ئابوری، یاساییەکانی کرێکارانی بیانی دەخاتەڕو:

| | بڕگەکان | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | بڕیار | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 3 | بەرز | 0.97 | 4.14 | لێرە هەست بە ئارامی دەکەم | 1 |
| 1 | بەرزترین | 0.80 | 4.22 | خاوەنکار پەیوەندی لەگەڵ من باشە | 2 |
| 2 | بەرز | 0.89 | 4.15 | تاکەکانی کۆمەڵگا ڕێزم دەگرن | 3 |
| 21 | ناوەند | 1.32 | 2.65 | زمان ئاستەنگە بۆ تێکەڵاوی کۆمەڵایەتییم | 4 |
| 19 | ناوەند | 1.33 | 2.86 | هەست بە جیاوازیکردن دەکەم لەنێوان کرێکاری بیانی و کرێکاری ناوخۆیی | 5 |
| 14 | ناوەند | 1.19 | 3.24 | هەست بە دڵتەنگی دەکەم لێرە | 6 |
| 10 | بەرز | 1.01 | 3.51 | دوچاری خەمۆکی بوم لەوەتەی لێرەم | 7 |
| 13 | ناوەند | 1.29 | 3.25 | ئەو کارەی ئێستا دەیکەم، جێی ڕەزامەندیم نییە | 8 |
| 12 | ناوەند | 1.18 | 3.32 | گەر بمزانییا کارکردن لێرە بەو جۆرەیە هەرگیز نەدەهاتم | 9 |
| 15 | ناوەند | 1.26 | 3.13 | لێرە وا هەست دەکەم لەناو کەسوکاری خۆمدام | 10 |
| 5 | بەرز | 1.20 | 3.82 | لەکاتی دیاریکراودا موچەکەم وەردەگرم | 11 |
| 11 | بەرز | 1.39 | 3.47 | ڕازیم لەو موچەیەی وەریدەگرم | 12 |
| 16 | ناوەند | 1.31 | 3.13 | چەند ساڵێکە نەمتوانیوە یارمەتی کەسوکارم بدەم | 13 |
| 20 | ناوەند | 1.38 | 2.72 | ئەو خواردنەی، کە پێم خۆشە دەستم ناکەوێت | 14 |
| 18 | ناوەند | 1.42 | 3.02 | خاوەن کارەکەم هاوکاریم ناکات لە خەرجی چارەسەرکردنم لە کاتی نەخۆشکەوتن و زامداربون لە کاتی کارکردندا. | 15 |
| 9 | بەرز | 1.39 | 3.57 | لەبەر کارکردن پێڕاناگەم بایەخ بە تەندروستی خۆم بدەم | 16 |
| 4 | بەرز | 1.22 | 3.97 | بە ئازادی پیادەی ئەرک و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانم دەکەم | 17 |
| 17 | ناوەند | 1.33 | 3.06 | خەڵک زیاتر حەز بە کرێکاری موسلمان دەکەن لەچاو کرێکاری ئاینەکانی تر | 18 |
| 8 | بەرز | 1.37 | 3.62 | خەڵکی شاری هەولێر بەرەگەزپەرستانە مامەڵە لەگەڵ کرێکارانی بیانیدا ناکەن. | 19 |
| 6 | بەرز | 1.09 | 3.78 | یاسا لەم وڵاتەدا لەگەڵ ماف و داواکاریەکانم دەگونجێت. | 20 |
| 7 | بەرز | 1.14 | 3.69 | جگە لە یاسا هیچ ڕێگایەکی تر نییە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانم. | 21 |
| 22 | نزم | 1.48 | 2.30 | کرێکاران سودمەندن لە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی. | 22 |
| **%67** | **ناوەند** | **0.57** | **3.39** | **کۆی گشتی** | |

لە خشتەی (7) خراوەتەڕو سەبارەت بە ئامانجی گرفتە کۆمەڵایەتی، دەرونی، تەندروستی، ئابوری، یاساییەکان، کە ڕوبەڕوی کرێکارانی بیانی دەبنەوە، دەردەکەوێت کرێکارانی بیانی ئەو گرفتانەی ڕوبەڕویان دەبنەوە لە

ئاستی(ناوەند) دایە بەڕێژەی (67%) لەبەرئەوەی ناوەندە ژمێرەیی (3.39) نزیکە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانکراو کە (٣)یە، بە لادانی پێوەری (0.57). لەسەر ئاستی بڕگەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لە خشتەی (7) دەرکەوتوە، خاوەنکارەکان پەیوەندییەکی باشیان هەیە لەگەڵ کرێکارانی بیانی، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەسـت کردن بە ئاسـودەیی و ڕوبەڕوبونەوەی ئەو کێشـە و گرفتانەی دێتە بەردەمیان، کە ئەمەش کاریگەری هەیە لەسـەر ڕەوشـی ژیانی کرێکارانی بیانی، ئەم ئەنجامەش نزیکە لە ئەنجامی هەردو توێژینەوەی (پەیمان عبدالقادر مجید عظیم، نور علی الشـمري) لە ئەنجامێکی تری توێژینەوەکە دەرکەوتوە، تاکەکانی کۆمەڵگا ڕێز لە کرێکارانی بیانی دەگرن بە ڕێژەیەکی بەرز، واتە جیاوازی کولتوری نەبۆتە هۆی ئاسـتەنگ و گیروگرفت لەبەردەم کریکارانی بیانی، واتە هیچ بەریەککەوتنێک لە نێوان دو کولتوری جیاواز یان دو بەهای جیاواز دروسـت نەبوە، بۆیە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کرێکارانی بیانی هەسـت بە ئارامی بکەن، ئەمەش پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی (نور علی الشـمري)یە ڕەنگە شـاری هەولێر ژینەگەیەکی گونجاو بێت بۆیان، ئاسـایش و سـەقامگیری زیـاتری هەیە، بۆیە دەبینین لەڕوی ئاینییەوە توێژینەوەکە دەریخسـتوە، کرێکـارانی بیـانی بە ئـازادی ئەرک و ڕێورەسـمە ئاینییەکانیان پیادەکەن، ئەمەش پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی (نور علی الشمري)یە، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی شـاری هەولێر جەخت لەسـەر ڕێزگرتن لە بیروڕاو ئایین و ئاینزا و نەتەوە جیاجیاکان دەکەنەوە، دژی بانگەشەی توندڕەوی ئاینیی و لاوازکردنی بەهای جوانەکانی ئاشتی و لێبوردەیین.

لە توێژینەوەکە دەرکەوتوە، کرێکـارە بیـانییەکـان لەکـاتی دیـاریکراوی خۆیـان موچەکـانیـان وەردەگرن، ئەمەش کاریگەری لەسـەر ڕەوشـی ژیانی کرێکارانی بیانی هەیە، بەشـێکی کرێکارە بیانییەکان پێیانوایە یاسـا لەم وڵاتەدا لەگەڵ ماف و داواکاریەکانیان دەگونجێت، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بۆ ڕێنمایی یاسای کار بگەڕێتەوە، کە کارئاسانی و یارمەتی کرێکارانی دەدات بۆ پاراسـتن و دەسـتەبەرکردنی مافەکانیان، بۆیە یەکێکی دیکە لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە کرێکارانی بیانی جگە لە یاسا هیچ ڕێگایەکی تر نابینن بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان.

لە لایەکی دیکەوە ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوەی دەریخسـتوە، کە کرێکارانی بیانی دوچاری خەمۆکی بون لەوەتەی لێرەن، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بۆ دورکەوتنەوەیان بێت لە خانەوادەکانیان ماڵ و منداڵەکانیان، چونکە بەشـێک لە کرێکارانی بیانی هاوسـەردارن و منداڵەکانیان بەجێهێشـتوە و لێرە هەسـت بەتەنهایی دەکەن، ئەم ئەنجامەش پشـتگیری لە ئەنجامی توێژینەوەی عظیم (2014) دەکات. لەلایەکی ترەوە دەردەکەوێت، سـەبارەت بەو کارەی ئێسـتا دەیکەن جێی ڕەزامەندیان نییە، چونکە بەشـێکی کرێکارانی بیانی بۆ کارێک هاتون، بەڵام کارێکی تریان پێدەکرێت، کە گونجاو نییە بۆیان، هەر بۆیەش وادەکات هەست بەدڵتەنگی بکەن، بەشێکیان ناتوانن یارمەتی کەس وکاری خۆیان بدەن.

خاڵێکی دیکەی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، خاوەنکارەکان هاوکاری کرێکارانی بیانی ناکەن لەخەرجی چارەسەرکردنیان لەکاتی نەخۆشکەوتن و زامداربونیان لەکارکردن، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بۆ نەبونی دەستەبەر و گرێبەستی کارکردنی بەشێک لە کرێکارانی بیانی بگەڕێتەوە، بەشێکی خاوەنکارەکان پابەندی یاساکانی کارکردن نەبون، لەلایەکی ترەوە کرێکارانی بیانی هەست بەجیاوازی دەکەن لە نێوان کرێکارانی بیانی و کرێکارانی خۆماڵی، زۆرجار لەڕوی کارکردنەوە کاری قورسترو زیاتریان پێدەکرێت لە بەرامبەر کرێکاری ناوخۆیی، کرێکارانی بیانی ئەو خواردنانەی حەزیان لێیە دەستیان ناکەوێت، بەهۆی جیاوازی کولتوری، کرێکارانی بیانی لەشوێنی کارکردنیان لەلایەن خاوەنکارەکانەوە خواردنیان بۆ دابین دەکرێت، بەڵام بەپێی کولتوری ئێرە بۆیان دروستدەکرێت، بۆیە بەشێک لە کرێکاران هەندێکجار بۆ خۆیان خواردنی تایبەتی خۆیان دروستدەکەن لەکاتی پشودانیان.

بەپێی ئەنجامێکی دیکەی توێژینەوەکە، زمان بۆتە ئاستەنگە بۆ تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش یەکێکە لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان، کە کاریگەری لەسەر تێکەڵاوی و دروستبونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەیە، هەندێک جاریش کارلێککردنی نێوان کرێکارانی بیانی و هاوولاتی ناوخۆیی دەبێتە هۆی گۆڕان لە ڕەفتاری هەردو لایەنەکە، کێشەی تێنەگەیشتن لە زمان یەکێکە لەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر ڕەوشی ژیانی کرێکارانی بیانی هەیە، ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەی عظیم (2014).

لە لایەکی ترەوە کرێکارانی بیانی سودمەندن لە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی، کە سیستەمێکی گرنگی یاسای کارە یەکێکە لە مافە بنچینەییەکانی کرێکارانی بیانی لە چوارچێوەی یاسا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، بەهۆی ئەم سیستەمەوە کرێکارانی بیانی زیاتر هەست بە دڵنیایی و پاراستنی مافەکانیان دەکەن، لەم بڕگەیەدا بەشێکی زۆر لە کرێکارانی بیانی دەستەبەری کۆمەڵایەتییان بۆ نەکراوە لەلایەن خاوەنکارەکانەوە، هەندێکجار بە ڕێکەوتن و ڕەزامەندی کرێکار و خاوەنکار کرێکارانی بیانی کاردەکەن لەپیناو دەستکەوتی ماددی هەردو لا.

خشتەی (8) بڕگەکان، ناوەندە ژمێرەیی، ڕێژەی سەدی کۆی بڕگەکان و پلەیان، بۆ ئەو ئاستەنگانەی لە کات و شوێنی کارکردن ڕوبەڕوی کرێکارانی بیانی دەبنەوە ڕوندەکاتەوە.

| | بڕگەکان | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | بڕیار | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کرێکاری بیانی ڕوبەڕوی وشەی نەشیاو و تانە دەبنەوە لەلایەن کەسانی ترەوە. | 3.49 | 1.38 | بەرز | 5 |
| 2 | شوێنی مانەوەم هەرگیز شیاو و گونجاو نییە بۆم. | 3.35 | 1.29 | ناوەند | 7 |
| 3 | لە لایەن خەڵکی هەولێرەوە سوکایەتیم پێکراوە. | 3.65 | 1.17 | بەرز | 4 |
| 4 | لە شوێنی کارکردنمدا داوای ئەنجامدانی کاری نەشیاوم لێکراوە. | 3.97 | 1.25 | بەرز | 2 |
| 5 | هەر کاتێک لە شوێنی کارەکەم پێویستیم بە وەرگرتنی مۆڵەت هەبێت، مۆڵەتم دەدەنێ. | 3.36 | 1.46 | ناوەند | 6 |
| 6 | بەردەوام لە خەمی ئەوەدام کە لە کارەکەم دەربکرێم. | 3.10 | 1.29 | ناوەند | 9 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 8 | ناوەند | 1.21 | 3.29 | زۆرجار هەڕەشەی دەرکردنم لێکراوە پێش ئەوەی ماوەی کارکردنەکەم تەواو ببێت. | 7 |
| 3 | بەرز | 1.13 | 3.93 | لەشوێنی کارەکەم مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی دابینکراوە. | 8 |
| 1 | بەرز | 1.17 | 3.97 | کەلوپەلی خۆپاراستنم لە مەترسی لە کاتی کارکردن بێ بەرامبەر بۆ دابینکراوە. | 9 |
| **%63** | **ناوەند** | **0.78** | **3.17** | **کۆی گشتی** | |

خشـــتەی (8) تایبەتە بە خســـتنەڕوی ئەو ئاســـتەنگانەی لە کات و شـــوێنی کارکردن ڕوبەڕوی کرێکارانی بیانی دەبنەوە لەســـەر ڕەوشـــی ژیانی کرێکارانی بیانی، دەردەکەوێت، ئاســـتەنگەکان لە کات و شـــوێنی کارکردن کاریگەرییان هەیە لەســەر ڕەوشــی ژیانی کرێکارانی بیانی، چونکە ناوەندە ژمێرەیی (3.17) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانکراو (3) بۆ وەڵامی لێتوێژراوان، بەڕێژەی (63%) بە پلەی (ناوەند). لەســـەر ئاســـتی برگەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوە.

لە خشتەکەدا کرێکارانی بیانی کەلوپەلی خۆپاراستنیان لە مەترسی لەکاتی کارکردن بەبێ بەرامبەر بۆ دابینکراوە، بونی ئامرازی پاراستن لە مەترسیەکانی کار بێ ئەوەی بەشێک لە کرێی کرێکارەکە ببڕێت، ئەمەش بەپێی یاسای کاری عێراقی (71) ساڵی (1987)، کە هەرێمی کوردستان پشت بەو یاسایە دەبستێت، واتە بەشێکی خاوەنکارەکان بە ڕێژەیەکی (بەرز) کەلوپەلی خۆپاراســتنیان بۆ کرێکارانی بیانی دابینکردوە بێ بەرامبەر، هەر بۆیەش کرێکارانی بیانی لە شوێنی کارەکەیان مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتی پیشەییان بۆ دابینکراوە، بێگومان ئەمەش بەپێی یاسای و ڕێنمایی کار، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕەوشی ژیانی کرێکارانی بیانی هەیە،

یەکێک لە ئەنجامەکانی تری توێژینەوەکە ئەوەیە، کە کرێکارانی بیانی لە شـــوێنی کارکردنیان داوای کاری نەشـــیاویان لێکراوە، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە کاریگەری لەســـەر ڕەوشـــی ژیانی کرێکارانی بیانی هەیە، ئەمەش نزیکە لەئەنجامی توێژینەوەی (نور علی الشمري)، چونکە ئەو لێکەوتەی کۆمەڵایەتی و دەرونی و تەندروستییانەی لەکاری نەشـــیاو دەکەونەوە بەدرێژایی تەمەن کاریگەری لەســـەر کرێکارە بیانییەکە بەجێدەهێڵێت، بۆیە بەشـــێکی کرێکارانی بیانی ڕوبەڕوی کاری نەشـــیاو دەبنەوە لەشـــوێنی کارەکەیان، لە ئەنجامێکی تری توێژینەوەکە دەرکەوتوە، کە کاریگەری لەســـەر ڕەوشـــی ژیانی کرێکارانی بیانی هەیە، ئەوەیە کە لەلایەن خەڵکی هەولێرەوە ســـوکایەتیان پێکراوە، ئەمەش نزیکە لەئەنجامی توێژینەوەی (نور علی الشـمري) بونی جیاوازی کولتوری هەندێک جار دەبێتە هۆی کێشـــەو گرفت بۆ کرێکارانی بیانی، زۆرجار توشـــی گرفتی دەرونییان دەکاتەوە، هەربۆیە کرێکارانی بیانی ڕوبەڕوی وشـــەی نەشـیاو دەبنەوە، ئەمەش یەکێکە لەو ئاستەنگانەی ڕوبەڕوی کرێکارانی بیانی دەبێتەوە لەکات و شـــوێنی کارکردن، وەکو وشـــەی نەشـــیاوی (ڕەشـــی پیس)، بەمەش لەڕوی درونییەوە ئازار دەچێژن و کاریگەری لەسەر ڕەوشی ژیانیان دەبێت.

ئەنجامێکی تری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە هەر کاتێک لە شـــوێنی کارەکەیان پێویســـتیان بە وەرگرتنی مۆڵەت هەبێت، مۆڵەتیان پێدەدەن، ئەمەش نزیکە لە ئەنجامی توێژینەوەی (خالد بن عبدالله التركي) بەپێی یاســا و ڕێنمایی کار وەرگرتنی تەواوی شـایسـتەی دارایی یان مۆڵەت وەرگرتن مافێکی یاسـایی کرێکارە نابێت بە هیچ شـێوەیەک لێی بێبەش بکرێت، کرێکارانی بیانی بە ڕێژەی (ناوەند) مۆڵەتیان پێدەرێت لەلایەن خاوەنکارەکانەوە، ئەنجامێکی تری توێژینەوەکە دەرکەوتوە، شـــوێنی مانەوەی کرێکارانی بیانی هەرگیز شـــیاو گونجاو نییە بۆیان، یەکێک لەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕوی کرێکارانی بیانی دەبنەوە نەبونی شوێنێکی شیاوە بۆ مانەوە و پشودانیان.

یەکێک لە ئەنجامەکانی تری توێژینەوەکە، کە کاریگەری لەســـەر ڕەوشـــی ژیانی کرێکارانی بیانی هەیە ئەوەیە، کرێکارانی بیانی زۆرجار هەڕەشـــەی دەرکردنیان لێکراوە پێش ئەوەی ماوەی کارکردنیان تەواو بێت، یەکێک لەو مافانەی کە کرێکارانی بیانی هەیانە بەپێی یاســـا و ڕێنمایی کار ئەوەیە مانەوەیانە لە کارەکەیان، نابێت بەبێ هیچ پاســـاوێکی نایاســـایی کرێکاری بیانی لە کارەکەی دەربکرێت، هەربۆیەش بەردەوام کرێکارانی بیانی لەخەمی ئەوەدان لە کارەکانیان دەربکرێن.

**هەشـــتەم: ئەنجامی زانیارییەکان بۆ ئامانجەکان:** کە بریتییە لە زانینی ڕەوشـــی ژیانی کرێکارە بیانییەکان بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی، ئاســـتی خویندەواری، پیشـــە، ڕەگەزنامە، دەســـتگرتن بەســـەر پاسەپۆرت و بەڵگەنامەکان) لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

**8.1. ڕەگەز:** بەمەبەســـتی دەرهێنان جیاوازی نێوان گۆڕاوی ڕەگەز لەســـەر ئامانجەکانی توێژینەوەکە، ســـودمان لە تاقیکردنەوەی (t) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) وەرگرت.

خشتەی (9) ڕونکردنەوەی جیاوازییەکان لەسەر ئاستی ئامانجەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| ئامانجەکان | ڕەگەز | N | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای t-test | بەهای ئەگەری p-value | ئاستی دەلالەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئامانجی یەکەم | نێر | 296 | 3.43 | 0.58 | 2.321 | 0.021** | بەڵگەدارە |
| | مێ | 85 | 3.27 | 0.54 | | | |
| ئامانجی دوەم | نێر | 296 | 3.70 | 0.76 | 6.306 | 0.000** | بەڵگەدارە |
| | مێ | 85 | 3.12 | 0.71 | | | |

** بەهاداری ئامارییە لە ئاستی ($p<0.05$)

نمونەی توێژینەوە=381 نمرەی ئازادی= 380 بەهای ت خشتەیی= 1.966

لەخشـــتەی (9) دەردەکەوێت، لە ئامانجی یەکەمدا بەهای (t) دەرهێنراو(2.321) گەورەترە لە بەهای خشـــتەی (1.966) بە نمرەی ئازادی (380) هەروەها بەهای p-value (0.021) بچوکترە لە ئاســـتی دەلالەتی (0.05) ئەو ئەنجامەش بونی جیاوازیە، کە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێردایە، چونکە ناوەندە ژمێرییەکەی بریتییە لە (3.43)

گەورەترە لە ناوەندەژمێرەیی ڕەگەزی مێ (3.27)، کەواتە ئەو گرفتە کۆمەڵایەتی، دەرونی، تەندروستی، ئابوری، یاساییانەی، کە پەیوەندیان بە ڕەوشی ژیانی کرێکارانەوە هەیە لە ڕەگەزی نێر زیاترە وەک لە ڕەگەزی مێ.

ئامانجی دوەم، کە تاییبەتە بە (ئەو ئاستەنگانەی لە کات و شوێنی کارکردندا ڕووبەڕوی کرێکارانی بیانی دەبنەوە) دەرکەوتوە، بەهای (t) دەرهێنراو (6.306) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (1.966) هەروەها بەهای p-value(0.000) بچوکترە لە ئاستی دەلالەت (0.05) ئەو ئەنجامەش لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێردایە، لەبەرئەوەی ناوەندە ژمێرەیی ڕەگەزی نێر (3.70) گەورەترە لە ناوەندەژمێرەیی ڕەگەزی مێ (3.12) واتە ئەو ئاستەنگانەی لە کات و شوێنی کارکردندا ڕووبەڕوی کرێکارانی بیانی دەبنەوە زیاترە بەراورد بە ڕەگەزی مێ.

**8.2. تەمەن:** بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی تەمەن لەسەر ئامانجەکانی توێژینەوەکە، سودمان لە هاوکێشەی (One Way ANOVA) وەرگرت.

خشتەی (10) ڕونکردنەوەی جیاوازییەکان لەسەر ئاستی ئامانجەکان بەپێی گۆڕاوی تەمەن

| ئامانجەکان | تەمەن | N | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوەری | بەهای F-test | بەهای ئەگەری p-value |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گرفتە کۆمەڵایەتی، دەرونی، تەندروستی، ئابوری، یاساییەکان | کەمتر لە 18 | 5 | 2.17 | 0.730 | 8.446 | 0.000** |
| | 27-18 | 99 | 3.34 | 0.589 | | |
| | 37-28 | 167 | 3.38 | 0.534 | | |
| | 47-38 | 96 | 3.47 | 0.563 | | |
| | 48+ | 14 | 3.80 | 0.490 | | |
| | 27-18 | 99 | 3.35 | 1.04 | | |
| | 37-28 | 167 | 3.41 | 0.95 | | |
| | 47-38 | 96 | 3.45 | 0.83 | | |
| | 48+ | 14 | 3.71 | 0.79 | | |
| ئەو ئاستەنگانەی ڕوبەڕوی کرێکارانی بیانی دەبنەوە لە کاتی کارکردندا | کەمتر لە 18 | 5 | 2.00 | 0.33 | 7.734 | 0.000** |
| | 27-18 | 99 | 3.48 | 0.78 | | |
| | 37-28 | 167 | 3.55 | 0.77 | | |
| | 47-38 | 96 | 3.71 | 0.76 | | |
| | 48+ | 14 | 4.02 | 0.43 | | |

نمرەی ئازادی 1= 4 و نمرەی ئازادی 2= 376 بەهای f خشتەیی = 2.395

لە خشتەی (10) ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی (تەمەن) لەسەر گرفتە کۆمەڵایەتی، دەرونیی، تەندروستی، ئابوری، یاساییەکان دەردەکەوێت، بەهای (t) دەرهێنراو (8.446) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (2.395) هەروەها بەهای

p-value(0.000) بچوکترە لە ئاســـتی دەلالەت (0.05) ئەمەش مانای وایە جیاوازییەکی بەڵگدار هەیە لەنێوان تەمەنە جیاوازەکان، ئەو کرێکارانەی تەمەنیان (48+)ە زیاتر ڕوبەڕوی گرفتە کۆمەڵایەتی و دەرونی و تەندروستی و ئابوری و یاسـاییەکان دەبنەوە، چونکە ناوەندە ژمێرەییەکەی (3.80) گەورەترە لە ناوەندە ژمێرەیی تەمەنەکانی تر.

ئامانجی دوەم، ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی تەمەن لەســەر ئەو ئاســتەنگانەی ڕوبەڕوی کرێکارانی بیانی دەبنەوە لە کاتی کارکردندا ڕونکراوەتەوە، بەهای(t) دەرهێنراو (7.734) گەورەترە لە بەهای خشــتەیی (2.395) هەروەها بەهای p-value (0.000) بچوکترە لە ئاســـتی دەلالەت (0.05) ئەمەش مانایە وایە جیاوازیەکی بەڵگدار هەیە لەنێوان تەمەن جیاوازەکان، چونکە ناوەندەژمێرەیی (4.02) ئەو کرێکارانەی تەمەنیان (48+)یە زیاتر ڕوبەڕوی ئاستەنگەکان دەبنەوە لە کات و شوێنی کارکردندا لەبەرامبەر تەمەنەکانی تر.

**8.3. باری کۆمەڵایەتی:** بە مەبەســـتی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی باری کۆمەڵایەتی لەســـەر ئامانجەکانی توێژینەوەکە، سودمان لە هاوکێشەی (One Way ANOVA) وەرگرت.

خشتەی (12) ڕونکردنەوەی جیاوازییەکان لەسەر ئاستی ئامانجەکان بەپێی باری کۆمەڵایەتی

| ئامانجەکان | باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای F-test | بەهای ئەگەری p-value |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئامانجی یەکەم | سەڵت | 156 | 3.24 | 0.57 | 10.208 | 0.000** |
| | خێزاندار | 205 | 3.51 | 0.54 | | |
| | هاوسەر مردو | 16 | 3.56 | 0.64 | | |
| | جیابوەوە | 4 | 2.59 | 0.63 | | |
| ئامانجی دوەم | سەڵت | 156 | 3.36 | 0.76 | 8.632 | 0.000** |
| | خێزاندار | 205 | 3.75 | 0.75 | | |
| | هاوسەر مردو | 16 | 3.40 | 0.94 | | |
| | جیابوەوە | 4 | 2.97 | 0.66 | | |

نمونەی توێژینەوە= 381 نمرەی ئازادی 1=3 و نمرەی ئازادی 2= 377 بەهای f خشتەیی = 2.628

خشـتەی (12) کاریگەری گۆڕاوی دیمۆگرافی باری کۆمەڵایەتی لەسـەر گرفتە کۆمەڵایەتی، دەرونی، تەندروسـتی، ئابوری، یاساییەکانی کرێکارانی بیانی ڕونکراوەتەوە، بەهای (t) دەرهێنراو (10.208) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (2.628)، بە نمرەی ئازادی (377) هەروەها بەهای p-value(0.001) بچوکترە لە ئاسـتی دەلالەت (0.05) مانای وایە جیـاوازیەکی بەڵگەداری هەیە، بەپێی گۆڕاوی بـاری کۆمەڵایەتی، واتە ئەو کرێکـارە بیـانیـانەی، کە هاوســـەرەکانیان مردوە زیاتر ڕوبەڕوی گرفتەکان دەبنەوە، چونکە ناوەندەژمێرەیی یەکەی بریتییە لە (3.56) کە گەورەترە لە ناوەندە ژمێرەیی کرێکارانی سەڵت، خێزاندار و جیابوەوە.

ئامانجی دوەم، بەهای (t) دەرهێنراو (8.632) گەورەترە لە بەهای خشـــتەیی (2.628) بە نمرەی ئازادی (377) هەروەها بەهای p-value(0.000) بچوکترە لە ئاســتی دەلالەت (0.05) ئەمەش مانای وایە جیاوازیەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان ئەوانەی ســەڵتن، خێزاندارن، هاوســەر مردون، جیابوەوەن، لەســەر ئەو ئاســتەنگانەی ڕوبەڕوی کرێکارانی بیانی دەبنەوە لە کات و شوێنی کارکردندا.

**8.4. ئاســتی خوێندەواری:** بە مەبەســتی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی خویندەواری لەســەر ئامانجەکانی توێژینەوەکە، سودمان لە هاوکێشەی (One Way ANOVA) وەرگرت.

خشتەی (13) ڕونکردنەوەی جیاوازییەکان لەسەر ئاستی ئامانجەکان بەپێی گۆڕاوی خوێندەواری

| ئامانجەکان | ئاستی خوێندەواری | N | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای F-test | بەهای ئەگەری p-value |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گرفتە کۆمەڵایەتی، دەرونی، تەندروستی، ئابوری، یاساییەکان | نەخوێندەوار | 20 | 3.25 | 0.34 | 0.98 | 0.430 |
| | دەرچوی بنەڕەتی | 53 | 3.35 | 0.60 | | |
| | دەرچوی ئامادەیی | 202 | 3.37 | 0.56 | | |
| | دەرچوی پەیمانگا | 21 | 3.41 | 0.74 | | |
| | دەرچوی زانکۆ | 81 | 3.49 | 0.61 | | |
| | دەرچوی خوێندنی باڵا | 4 | 3.65 | 0.70 | | |
| ئەو ئاستەنگانەی ڕوبەڕوی کرێکارانی بیانی دەبنەوە لە کات و شوێنی کارکردندا | نەخوێندەوار | 20 | 3.12 | 0.66 | 4.308 | 0.001** |
| | دەرچوی بنەڕەتی | 53 | 3.49 | 0.77 | | |
| | دەرچوی ئامادەیی | 202 | 3.52 | 0.79 | | |
| | دەرچوی پەیمانگا | 21 | 3.44 | 0.89 | | |
| | دەرچوی زانکۆ | 81 | 3.86 | 0.69 | | |
| | دەرچوی خوێندنی باڵا | 4 | 4.03 | 0.78 | | |

نمرەی ئازادی 1= 5 و نمرەی ئازادی 2= 375 بەهای f خشتەیی = 2.238

لە ئامانجی یەکەمدا ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی خوێندەواری گرفتە کۆمەڵایەتی، دەرونی ،تەندروســـتی، ئابوری، یاساییەکان، بەهای (t) دەرهێنراو (0.98) بچوکترە لە بەهای خشتەی (2.238) هەروەها بەهای p-value(0.430) گەورەترە لە ئاستی دەلالەت(0.05) مانای وایە هیچ جیاوازیەکی بەڵگداری ئاماری نییە.

خشتەی (13) دەردەکەوێت، ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی خوێندەواری و ئەو ئاستەنگانەی ڕوبەڕوی کرێکارانی بیانی دەبنەوە لە کات و شـــوێنی کارکردندا، بەهای (t) دەرهێنراو (4.308) گەورەترە لە بەهای خشـــتەیی (2.238)

هەروەها بەهای p-value(0.001) بچوکترە لە ئاستی دەلالەت (0.05) ئەمەش مانایە وایە جیاوازیەکی بەڵگداری ئاماری هەیە لە نێوان ئاستەکانی خوێندن.

**8.5.ڕەگەزنامە:** بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەزنامە لەسەر ئامانجەکانی توێژینەوەکە، سودمان لە هاوکێشەی (One Way ANOVA) وەرگرت.

خشتەی (14) ڕونکردنەوەی جیاوازییەکان لەسەر ئاستی ئامانجەکان بەپێی ڕەگەزنامە

| ئامانجەکان | بەهای F-test | بەهای ئەگەری p-value |
|---|---|---|
| ئامانجی یەکەم | 2.788 | 0.000** |
| ئامانجی دوەم | 3.046 | 0.000** |

نمونەی توێژینەوە= 381 نمرەی ئازادی 1=12 نمرەی ئازادی 2=359

لە خشتەی (14)دا دەردەکەوێت، ئامانجی یەکەم کە بریتییە لە گرفتە کۆمەڵایەتی، دەرونی، تەندروستی، ئابوری و یاساییەکانی کرێکارانی بیانی و کاریگەرییان لەسەر ڕەوشی ژیانیان، بەهای (t) دەرهێنراو (2.788) گەورەترە لە بەهای خشتەیی بە نمرەی ئازادی (359) بەهای p-value (0.000) بچوکترە لە ئاستی دەلالەت(0.05) جیاوازییەکە بەڵگەداری ئاماری هەیە، چونکە ئەو کرێکارانەی کە ڕەگەزنامەیان (تورکیا)یە زیاتر ڕوبەڕوی گرفتە کۆمەڵایەتی، دەرونی، تەندروستی، ئابوری و یاساییەکان دەبنەوە بەراورد بە کرێکارانی وڵاتانی تر.

سەبارەت بە ئامانجی دوەم، کە تایبەتە بە ئەو ئاستەنگانەی کە ڕوبەڕوی کرێکارانی بیانی دەبنەوە لە کات و شوێنی کارکردندا، ڕۆڵیان لەسەر ڕەوشی ژیانی کرێکاران دەرکەوتوە، کە بەهای (t) دەرهێنراو (3.046) گەورەترە لە بەهای خشتەیی بە نمرەی ئازادی (359) بەهایp-value ( 0.000) بچوکترە لە ئاستی دەلالەت (0.05) جیاوازییەکە بەڵگەداری ئامارییە، چونکە ئەو کرێکارانەی کە ڕەگەزنامەیان (ئێران)یە زیاتر ڕوبەڕوی ئاستەنگاکان دەبنەوە لە کات و شوێنی کارکردندا بە بەراورد بە کرێکاری وڵاتانی تر.

**8.6. پیشە:** بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی پیشە لەسەر ئامانجەکانی توێژینەوەکە، سودمان لە هاوکێشەی (One Way ANOVA) وەرگرت.

خشتەی (15) بۆ ڕونکردنەوەی جیاوازییەکان لەسەر ئاستی ئامانجەکان بەپێی دیمۆگرافی پیشە

| ئامانجەکان | پیشە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای F-test | بەهای ئەگەری p-value |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئامانجی یەکەم | کرێکاری پاککەرەوە | 193 | 3.28 | 0.53 | 5.395 | 0.000** |
| | سەرپەرشتیار | 69 | 3.54 | 0.61 | | |
| | کرێکاری پرۆژە | 63 | 3.47 | 0.54 | | |
| | کرێکاری باخچە | 4 | 4.14 | 0.86 | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 0.65 | 3.48 | 52 | هەر پیشەیەکی تر دیاری بکە | |
| 0.000** | 12.851 | 0.73 | 3.31 | 193 | کرێکاری پاککەرەوە | ئامانجی دوەم |
| | | 0.67 | 3.85 | 69 | سەرپەرشتیار | |
| | | 0.78 | 3.94 | 63 | کرێکاری پرۆژە | |
| | | 1.21 | 4.00 | 4 | کرێکاری باخچە | |
| | | 0.78 | 3.66 | 52 | هەر پیشەیەکی تر دیاری بکە | |
| | | | | 381 | کۆی گشتی | |

نمرەی ئازادی 1= 4 و نمرەی ئازادی 2= 376 بەهای f خشتەیی = 2.395

لە خشتەی (15) ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی پیشە لەسەر گرفتە کۆمەڵایەتی، دەرونیی، تەندروستی، ئابوری، یاساییەکانی کرێکارانی بیانی دەردەکەوێت، بەهای (t) دەرهێنراو (5.395) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (2.395) بە نمرەی ئازادی (376) هەروەها بەهای p-value (0.000) بچوکترە لە ئاستی دەلالەت (0.05) واتە جیاوازیەکی بەڵگدار هەیە لەنێوان پیشە جیاوازەکان.

لە ئامانجی دوەمدا، ڕۆڵی گۆڕاوی پیشە دەردەکەوێت لەسەر ئەو ئاستەنگانەی ڕوبەڕوی کرێکارانی بیانی دەبنەوە لە کات و شوێنی کارکردندا، کە بەهای (t) دەرهێنراو (12.851) گەورەترە لە بەهای خشتەیی(2.395) بە نمرەی ئازادی(376) هەروەها بەهای p-value (0.000) بچوکترە لە ئاستی دەلالەت(0.05) ئەمەش مانای وایە جیاوازیەکی بەڵگدار هەیە لەنێوان پیشە جیاوازەکان.

## 8.7. دەستگرتن بەسەر پاسەپۆرت و بەڵگەنامەکان.

خشتەی (16) ئەنجامی تاقیکرنەوەی (t-test) بۆ ڕونکردنەوەی جیاوازییەکان لەسەر ئاستی ئامانجەکان بەپێی دەستگیراوە بەسەر پاسەپۆرت و بەڵگەنامەکان دەخاتەڕو

| بەهای ئەگەری p-value | بەهای t-test | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | N | ئایا هیچ کاتێک دەستگیراوە بەسەر پاسەپۆرت و بەڵگەنامەکانت؟ | ئامانجەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 0.001** | 3.349 | 0.58 | 3.32 | 264 | بەڵێ | ئامانجی یەکەم |
| | | 0.52 | 3.54 | 117 | نەخێر | |
| 0.000** | 4.128 | 0.76 | 3.45 | 264 | بەڵێ | ئامانجی دوەم |
| | | 0.77 | 3.81 | 117 | نەخێر | |

نمونەی توێژینەوە=381 نمرەی ئازادی= 380 بەهای ت خشتەیی= 1.966

لەخشتەی (16) دەردەکەوێت، ئامانجی یەکەم کە بریتییە لە گرفتە کۆمەڵایەتی، دەرونی، تەندروستی، ئابوری، یاساییەکانی کرێکارانی بیانی، کاریگەریان لەسەر ڕەوشی ژیانی کرێکارانی بیانی، بەهای (t) دەرهێنراو (3.349)

گەورەترە لە بەهای خشـــتەیی (1.966) هەروەها بەهایp-value (0.000) بچوکترە لە ئاســتی دەلالەت (0.05) جیاوازیەکە بەڵگەدرای ئامارییە، واتە جیاوازیەک هەیە لە نێوان ڕەوشــی ژیانی کرێکارانی بیانی بەپێی دەســتگرتن بەسەر پاسەپۆرت و بەڵگەنامەکان، جیاوازییەکەش بۆ ئەو کرێکارە بیانیانەی پاسەپۆرت و بەڵگەنامەکانیان دەست بەســــەردا نەگیراوە دەگەڕێتەوە، چونکە ناوەندە ژمێرەییەکە (3.54) گەورەترە لە ناوەندە ژمێرەیی (3.32) ئەو کرێکارانەی کە پاسەپۆرت و بەڵگەنامەکانیان بەسەردا گیراوە.

ســەبارەت بە ئامانجی دوەم، لە خشــتەی(16) دەردەکەوێت، کە ئەو ئاســتەنگانەی، کە ڕوبەڕوی کرێکارانی بیانی دەبنەوە لە کات و شوێنی کارکردندا لەسەر ڕەوشی ژیانیان جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە، واتە جیاوازیەک هەیە لە نێوان ڕەوشی ژیانی کرێکارانی بیانی بەپێی دەستگرتن بەسەر پاسەپۆرت و بەڵگەنامەکان، جیاوزیەکەش بۆ ئەو کرێکارە بیانیانەی پاســەپۆرت و بەڵگەنامەکانیان دەســت بەســەردا نەگیراوە دەگەڕێتەوە، چونکە ناوەندە ژمێرەییەکە (3.81) گەورەترە لە ناوەندە ژمێرەیی (3.45) ئەو کرێکارانەی کە پاســـەپۆرت و بەڵگەنامەکانیان بەســـــەردا گیراوە، هەروەها بەهای(t) دەرهێنراو (4.128) گەورەترە لە بەهای خشــــتەیی (1.966) بەهای-p value(0.000) بچوکترە لە ئاستی دەلالەت (0.05).

**نۆیەم: ئەنجام پێشنیاز ڕاسپاردە:** لەکۆتاییدا توێژینەوەکە توێژەر گەیشتە کۆمەڵێک ئەنجام.

## 9.1. ئەنجام:

1-کرێکارانی زۆربەیان دەست بەسەر پاسەپۆرت و بەڵگانەمەکانیاندا گیراوە لەلایەن کۆمپانیاکانی هێنانی کرێکاری بیانی و خاوەنکارەکانەوە.

2- بەزۆری کرێکارانی هاوســــەر مردو یاخود ئەوانەی خێزاندارن هەســــت بە نائارامی دەکەن بەراورد بەو کرێکارانەی ژیانی هاوســــەریان پێکنەهێناوە، ئەوانەی خێزاندارن کەس و کارو منداڵیان بەجێهێشــــتوە، ئەمەش وادەکات زیاتر هەست بە دڵتەنگی و خەمۆکی بکەن.

3-شاری هەولێر ژینگەیەکی گونجاوە کرێکارانی بیانی تیایدا هەست بە ئارامی دەکەن.

4- بونی پەیوەندیەکی باش لایەن خاوەنکار و کرێکارانی بیانی دەبێتە هۆی هەست کردن بە ئاسودەیی و ڕوبەڕو بونەوەی کێشەو گرفتەکانی بەردەمیان.

5-بەشێکی کرێکارانی بیانی لەکاتی دیاریکراودا موچەیان پێنادرێت لەلایەن خاوەنکارەکانەوە.

6- جیاوازی کولتوری نەبۆتە کێشــــەو ئاســــتەنگ لەبەردەم کرێکارانی بیانی لەڕوی ئاینی و خواردن، بەئاســــانی خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ کولتوری هەرێمی کوردستان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە بونی هەیە، لەبارە بۆ کرێکارانی بیانی.

7- بەرێژەیەکی بەرز کرێکارانی بیانی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بێبەش کراون، لەلایەن خاوەنکارەکانەوە

8- کرێکاری ڕەگەزی نێر گرفتی کۆمەڵایەتی و دەرونییان زیاترە بەراورد بە ڕەگەزی مێ، هەروەها کۆمپانیاکانیش زیاتر گرنگی بە ڕەگەزی مێ دەدەن لەکاتی هەبونی کێشەو گرفت.

9- کرێکارانی بەر ڕەگەز تورکی زیاتر ڕوبەڕوی کێشەو گرفت دەبنەوە لە بەرامبەر کرێکاری دەوڵەتانی تر.

## 9.2. پێشنیاز:

1- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەوڵی دابینکردنی زیاتری دەســـتەبەری کۆمەڵایەتی بدات بۆ کرێکارە بیانییەکان بەهەمان شێوەی و ڕێکارە کرێکارە ناوخۆییەکان.

2- پێویســـتە حکومەت و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی جەخت لەســـەر یاســـایەکی تایبەت بە کرێکارانی بیانی بکەنەوە بۆ مەبەستی ڕێکخستنەوەی کار، بەجۆرێک ببێتە هۆی پاراستنی مافی کرێکارە بیانییەکان.

3-وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بە هاوهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ پێویســتە میکانیزمێک بدۆزنەوە بۆ ڕێکخســـتنەوەی ڕێوشـــوێنی هاتنی کرێکارانی بیانی لەڕێگای ڤیزای ســـەردان و یان قاچاخ، هەروەها دۆزینەوەی ڕێوشوێنی چونەوەیان بەجۆرێک ببێتە هۆی پاراستنی مافی کرێکارانی بیانی.

## 9.3. ڕاسپاردە:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە پێشـــنیاز دەکەین، ئەو توێژەرانەی دوای ئێمە دێن، هەوڵبدەن گرنگی زیاتر بەم بابەتە بدەن و چەند توێژینەوەیەکی لەبارەوە بکەن وەک:

1-ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە، لەسەر ئاستی پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستان.

2- گرفتە کۆمەڵایەتی و درونییەکانی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان.

3- ڕۆڵی دام و دەزگا حکومییەکان لە پاراستنی مافی کرێکارە بیانییەکان.

# The living conditions of foreign workers: a field study in Erbil city.

**Kamaran abdulla Mustafa[1] - Izaddin Abdalsamad Rasool[2]**

[1+2]Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**:

The Kurdistan Region is in the stage of economic development in various sectors, and sometimes economic development requires labor. Allowing and bringing foreign labor depends partly on how much the local labor fulfills the needs of the Kurdistan Region, bringing foreign workers sometimes is discussed as critical by the authorities, despite the lack of employment and local labor, but it is allowed to bring foreign labor, foreign workers have a number of social dimensions, which may affect their living conditions.

This study aims to determine the living conditions of foreign workers in Erbil. The research method is quantitative method through the use of questionnaire tool, (381) foreign workers in male and female gender were taken as the study's sample. Then analyzing the data with the use of the program (SPSS), we came to the conclusion that foreign workers in Erbil feel comfortable and safe, cultural differences have not become a problem and obstacle in front of them regarding religion and food, and they quickly adapt to the culture of Kurdistan Region. Foreign workers are more likely to have no social security and have been asked for inappropriate work, The male faces more social, psychological, healthy, economical, and legal problems than the female. Finally, some suggestion and recommendation have been presented to the related parties and the researches that will be done after this research.

**Keywords:** Living Condition, Worker, Foreign Workers.

# سەرچاوەکان


حکومەتی هەرێمی کوردستان. وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی. ڕێنمایی ژمارە(2)ی ساڵی (2015)ی تایبەت کارکردنی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق

عومەر، مەعەن خەلیل (2012) میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا. وەرگێرانی: محەمەد شوانی، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

إبراهيم، عبدالوهاب (١٩٨٥) اسس البحث الاجتماعي. القاهيرة: مكتبة نهضة الشرق.

ابو سليمان،عبدالوهاب ابراهيم (2005) كتابة البحث العلمي صياغة جديدة. طبعة7. الرياض: مكتبة الرشيد- ناشرون.

بشدری، ڕزگار سعيد (2008) العمالة الوافدة والتغير الديمغرافى فى العراق (1968-1990). السيمانية: مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية.

بكر، هانا سهام (2011) النظام القانونى للعامل الاجنبى فى العراق- دراسة مقارنة. جامعة صلاح الدين- ڕسالة الماجستير غير منشوره.

بن عيبان، ابراهيم بن عبدالكريم (2011) العمالة الوافدة في المملكة العربية السعودية والاثار السلبية المترتبة على وجودها وادوار المؤسسات التربوية في الحد من استقدامها وعلاج اثارها. بحث منشور في دراسات نفسية وتربوية. منبر تطوير الممارسات النفسية والتربوية، العدد6: 1-25.

التركي، خالد بن عبدالله (2015) حماية حقوق العمالة الوافدة في المملكة العربية السعودية- دراسة ميدانية مطبقة على منطقة القصيم. جامعة القصيم. المجلد 9. العدد2: 196-227.

الحسن، آحسان محمد و الحسني، عبدالمنعيم (1981) طرق البحث الاجتماعي. الموصل: مدرية دار الكتب للطباعة والنشر.

دويدري، ڕجاء وحيد (2008) البحث العلمي اساسياته النظرية وممارسته العلمية. دمشق: دار الفكر المعاصر.

الدليمي، احمد عباس عبدالله و كنة، فؤاد حاتم (2021) العمالة الوفدة و تأثيرها على سوق العمل في العراق بعد عام (2003) وسبل معالجتها. مجلة اقتصاديات الاعمال للبحوث التطبيقية. العدد الخاص-ج2: 77-89 .

لشمرى، نور على (2013) الابعاد الاجتماعية للعمالة الوافدة- دراسة ميدانية فى مدينة بغداد-جامعة بغداد- ڕسالة الماجستير غير منشوره.

الصباح، بسمة ڕحمن عودة (2015) العمالة الوافدة في العراق الاسباب والاثار- دراسة اجتماعية ميدانية في مدينة الديوانية. جامعة القادسية. مجلة اوروک. المجلد الثامن. العدد الثالث: 627-674.

عظيم، پەيمان عبدلقادر مجيد (2014) واقع العمالة الوافدة النسوية فى الاسرة الكردية- دراسة ميدانية فى مدينة السلمانية. جامعة السلمانية. لارک للفلسفة والسانيات والعلوم الاجتماعية. المجلد 1، العدد السادس عشر: 169- 206.

عقيل، حسين عقيل (2010) خطوات البحث العلمي من تحديد المشكيلة الى تفسير النتيجة. دمشق: دار إبن كثير للطباعة والنشر و التوزيع.

العموش، احمد فلاح (2007) واقع البطالة في مجتمع الإمارات- دراسة ميدانية. الشارقة. جامعة الشارقة.

قادر، زكي حسين و صمد، عبدالمطلب حسن (2013) دراسة تحليلية لواقع العمالة الوافدة في إقليم كوردستان العراق-مدينة اربيل انموذجا للعام 2008. گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان. زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە 56: 105-122.

ملحم، سامي محمد (2000) القياس والتقويم في التربية و علم النفس. عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع.

Biney, Elizabeth (2016) Inequality Of Opportunity The Plight Of Foreign Workers In South Africa. University of Cape Town. Doctoral Dissertation published.